چیرۆكی وه‌رگێڕدراو

فولنكانك بورشرت

# له یه‌كێ له ڕۆژه‌كانی سێ شه‌مووان‌دا

و: ئه‌حمه‌د سه‌لام



له هەموو هەفتەیەکا رۆژێکی سێ شەمووان هەیە

ساڵێک نیوەی سەتە (سەد ١٠٠)

له شەڕدا چەندین رۆژانی سێ شەمووان هەیە.

***

له یەکێ له سێ شەمووانەکان

له قوتابخانەدا مەشقیان لەسەر پیتە گەورەکان دەکرد. ژنە مامۆستاکە چاویلکەیەکی له چاو دابوو زەرەبینەکانی زۆر ئەستوور بوون، قەراغیان پێوە نەبوو. له رادەی خۆی بەدەر ئەستوور بوون کەچی لەو دیویشەوە هێشتا چاوەکان بەکزی دەردەکەوتن.

چل و دوو کچ بەرامبەر بە تەختە رەشەکە دانیشتبوون. بەپیتی گەورە گەورە ئەمانەیان دەنووسی:

کابرا پیرەکە "فرتس" بەخەلات جامێکی مسی وەرگرتووە. ژنە قەڵەوەکە "بیرتا" بەرەو پاریس کەوتووەتە رێ. هەموو باوکەکان له شەڕدا دەبنە یەک سەرباز "ئولی" زمانی دەرهێنا تا سەر لووتی. مامۆستاکە نوقورچێکی لێ گرت، وشەی "شەڕ"ی بەپیتی "ش" نووسی له کاتێکدا وشەی "جەنگ" بەپیتی "ج" نووسی وەک وشەی "جێ".

مامۆستاکە دەفتەرێکی گرت بەدەستیەوە و نیشانەی (+)دا له پشت ناوەکەی (ئولی) نووسی و پێی وت:

دەبێ بۆ بەیانی رستەکە دە جار بنووسیتەوە!

نووسینێکی پاک و خاوێن، تێ گەیشتی.

"ئولی" وتی: بەڵێ.

لەبەر خۆیشیەوە بەچرپەوە وتی:

– ئای لەم نەعلەتییە، بەخۆی و چاویلکەکەیەوە! له گۆڕەپانی قوتابخانەکە قەلەڕەشەکان چی پاشماوەی نان و پاشەڕۆکی ئەو رۆژەی سەر زەوییەکە هەبوو هەر هەموویان هەڵلووشی.

***

له رۆژێکی سێ شەمووانی تردا.

ملازم "ئیلەرز" پلەکەی بەرز کرابووەوە بۆ فەرمانده‌ی یەکەیەک له یەکەکانی ناو سوپا.

رائیدەکەی پێی وت:

– ئیلەرز دەبێ لەمەولا ئەو شاڵە سوورە لا بەری وەکو وتم ئیلەرز بەلایەوە کارکردن لە یەکەی دوودا زۆر مایەی خۆشحاڵی نەبوو بەلایەوە بۆیە پرسی:

– بۆ گوازراومەتەوە بۆ یەکەی دوو.

– بەڵێ هەرچەندە خۆیشیان ئەمەیان پێ خۆش نییە تۆیش رەنگە نەتوانی لەوێ بەردەوام بی، چونکە یەکەی دوو لەسەر کاری راست و دروست راهاتوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو شاڵە سوورە وات لێ دەکا لە ناو ئەو یەکەیەدا بەنەرمەلۆقەیش بێت جێی خۆت بکەیتەوە. نەقیب "هیسە" قەت ئەم شتەی نەبەستووە! پاشان ئەم پرسی!

– بۆ هیسە بریندار بووە.

– نا بەڵام ناوی خۆی لە ناو لیستی نەخۆشاندا تۆمار کردووە، هەست بەناساغی دەکا. هەروەک خۆی دەڵێ هێزی تەواو لەبەر براوە.

لە وەتەی بەرز کراوەتەوە بۆ پلەی "نەقیب"ی باری تەندروستیی باش نییە، من تا ئێستا لەم پیاوە ناگەم ئەو هەمیشە کار و رەفتاری راست بوون. بەهەرحاڵ "ئیلەرز" هەرچۆنێ بێ لە یەکەی دوودا دەبێ کاروباری خۆت بەرێکوپێکی بەڕێوە بەریت. "هیسە" ئەو خەڵکەی ئەوێی بەباشی پەروەردە کردووە. وەکو وتم شاڵەکەت لابە ئێستا تێ گەیشتی؟

– جەنابی رائید شتێکی ئاساییە.

– وریا بێ دەبێ ئەوانە لە جگەرەکێشاندا بەئاگا بن. هەر یەکە لەو "تۆپچییانە" دەبێ ئەوەندە وریا بن هەمیشە دەبێ پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تۆپەکانیان بێ، هەر کە لەسەر شاشەکە ئەو کرمە تیشکدارانەیان بینی بەملا و ئەولادا دێن و دەچن دەبێ ئەوپەڕی وریا بن!

لە هەفتەی رابردوودا پێنج گوللەتۆپ کەوت بەسەر تەوقی سەرمانا کەواتە کەمێ وریا بن.

– راستە.. بەڵێ قوربان جەنابی رائید.

ملازم "ئیلەرز" شاڵە سوورەکەی بەدەم رێوە لە خۆی کردەوە و بەرەو یەکەکەی کەوتە رێ. ئینجا جگەرەیەکی داگیرساند و بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: فەرماندەی یەکەی دوو!

***

له سێ شەموویەکی تردا

بەڕێز "هانزن" رووی کردە خاتوو "سفرین" و وتی:

– خاتوو سفرینشن پێویستە هەندێ شتی تر بنێرین بۆ "هیسە" شتانێکی وەک بابەتی جگەرە، یا شتێ بۆ داکرماندن بشێ یاخۆ هەندێ بابەتی ئەدەبیات و دوو جووت دەستکێش و هەندێ شتی تری لەوجۆرە، لاوەکان لە دەرەوە رووبەڕووی زستانێکی نەعلەتی بووبوونەوە من دەزانم زۆر کەسمان هەن لەوێ نەخۆشن.

دەبێ ئەوە هولدرلین بێ.. بەڕێز هانزن ئەوە قسەیەکی هیچ و پووچە، بەڕێز خاتوو سفرنیشن ئەوانە قسە توڕەهاتن! نا.. نا لە سەرخۆبە و کەمێ نەرم و نیان بە، رەنگە ئەوە "فلهلم بوش" بێ یا کەسێک بێ لەو دەچێ هێسە بەلای ئەو خەڵکەوە لە هەمووان گەورەتر بوو.

زۆر حەزی بەپێکەنین دەکرد. سفرینشن رەنگە ئەوە بزانی ئەم "هیسە"یە بەڕاستی دەتوانێ پێ کەنێ.

سفرین وتی:

– بەڵێ دەتوانێ ئەوە بکا.

لەو سێ شەموەدا

هیسەیان بەدەستەبەرێک هەڵگرت و بردیان بۆ ساڵۆنی فریاگوزاری کە لەسەر تابلۆیەک بەسەر دەرگاکەیەوە نووسرابوو:

ئەگەر ژەنەراڵ بێ و ئەگەر سەرباز بێ

دەبێ تووکی سەری لێرە بەجێ بمێنێ.

قژی سەریان بۆ تاشی.. نەخۆشەکە پەنجەکانی قاچی باریک و درێژ بوون دەتگوت قاچی جاڵجاڵۆکەن، هەندێ پەڵەی سوور بەپاژنەی پێیەوە بوون. بەدەرمانێک بۆیان شێلا تەواو بۆنی دەرمانخانەی لێوە دەهات.

پاشان قاچە جاڵجاڵۆکەکەیان پشکنی و نەبزیان بۆ گرت لەسەر تۆمارێکی ئەستوور بۆیان نووسی پلەی گەرمای گەیشتووەتە ٤١,٦ و نەبزەکەیشی گەیشتووەتە ١١٦ و لە هۆش خۆی چووە، گومانی ئەوەی لێ دەکرێ تووشی گرانەتا بوو بێ. پاشان کابرای بەشی فریاگوزارییەکە تۆمارەکەی دادایەوە، لەسەر بەرگی ئەو تۆمارەدا نووسراوە نەخۆشخانەی

پەتای سەربازی سمولینک لە ژێریشیدا نووسراوە هەزار و چوار سەد قەرەوێڵە ئینجا چواردەستە بەدەستەبەرەکە گواستیانەوە بۆ سەرەوە لەسەر پێپلیکانەکان لە ژێر بەتانییەکەوە سەری شۆڕ بووبووەوە لە کاتی سەرخستنیدا بەسەر پێپلیکانەکاندا سەری بەملا و بەولادا دەهات و دەچوو. تەواو قژی کورت کرابووەوە، بوو بووە مایەی پێکەنین.. یەکێ لە هەڵگرانی دەستەبەرەکەیش تووشی هەڵامەت بوو بوو.

***

لەو سێ شەمووەدا

خاتوو هیسە دای لە زەنگی دەرگای دراوسێیەکەیان ژنەکە کاتێ دەرگای لێ کردەوە ئەم نامەیەکی بەڕوویدا راوەشاند وەک زمانحاڵی بڵێ ئەوە بوو بە"نەقیب" بۆی نووسیوین دەڵێ پلەم بەرزکراوەتەوە بۆ "نەقیب"ی و بوومەتە فەرماندەی لق.

پلەی گەرما لەوێ گەیشتووەتە چل پلەی سەدی لە ژێر سفرەوە نامەکە نۆ رۆژی خایاندووە، لەسەر زەرفەکە نووسراوە بگاتە دەستی خاتوو هیسەی نەقیب.

نامەکەی هەروا بەدەستەوە بەرز کردبووەوە، دراوسێیەکەیان رووی لێ وەرگێڕابوو پرسی:

- چل پلە لە ژێر سفرەوە ئای لەو لاوە نەگبەتانە ٤٠ پلە لە ژێر سفرەوەن.

***

لەو سێ شەممەیەدا:

سەرۆکی دەستەی پزیشکانی سەربازی رووی کردە سەرۆکی نەخۆشخانەی پەتای سەربازی لە سمولینک و پرسی:

- رۆژانە ژمارەیان دەگاتە چەند؟

- نیو دەرزن!

«کارێکی ترسناکە» سەرۆکی دەستەی پزیشکانی سەربازی وتی «بەڵێ کارێکی ترسناکە» سەرۆکی نەخۆشخانەکە وەڵامی دایەوە. لەو کاتەیشدا هیچیان سەبری ئەویتریانی نەدەکرد.

لەو سێ شەممەیەدا:

لە ژێر ناوی "شمشاڵێکی تەلیسماوی"دا ئۆپێرایەکیان نمایش دەکرد.

هەر لەم کاتەدا خاتوو هیسە لێوەکانی بەقەڵەمی سوور، سوور کردبوو.

***

لەو سێ شەممەیەدا:

ئیلیزابێتی سستەر نامەیەکی بۆ دایکی و باوکی نووسی بوو: «مرۆڤ ئەگەر باوەڕی بەخوا نەبێ زەحمەتە بتوانێ بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرێ. کاتێ پزیشکێک لەم پزیشکە تازە باوانە هات بەرزەپێ بۆی هەستایە سەر پێ ئەویش بەچەشنێ پشتی بۆ چەماندەوە هەر دەتگوت هەموو روسیا وا بەکۆڵی ئەمەوەیە لەوساڵۆنەدا»

سستەرەکە پرسی:

– دەبێ شتێکی بدەمێ؟

– نا.. پزیشکە تازە باوەکە وتی. ئەمەی بەدەنگێکی زۆر نزم وت وەک بڵێی شەرمی بەخۆی بێت پاشان نەقیب "هیسە"یان هەڵگرت بۆ دەرەوە لەو کاتەشدا رەشەبا هەڵی کردبوو، نازانم بۆچی هەمیشە ئەو خەڵکە وا دەکەن گوایە ناتوانن مردوویەک لە سەرەخۆ لەسەر زەوی دابنێن؟!. هەموو جارێ ئاوا کەمتەرخەمانە فڕێیان دەدەنە سەر زەوی، ئەمە قسەی یەکێک بوو لەوانەی ئەو ناوە. پاشان یەکێکی تەنیشتیشی بەدەنگێکی نزمەوە وتی:

– هەروا راهاتوون زیکزاکانە رەفتار بکەن!. خەڵکانی سەر تۆپەکان هەروا توند تەبیعەتن! پزیشکە تازە باوەکە رۆژانە بەشەو و بەڕۆژ یەکە یەکە نەخۆشەکانی بەسەر دەکردەوە لەو کاتەدا کە بەڕێدا دەڕۆیشت هەستت دەکرد پشتی بەتەواوی چەماوەتەوە دەتگوت هەموو روسیا لە ساڵۆنەکە و دەریشەوەدا بەسەر کۆڵی ئەمەوەیە. لەولایشەوە دوو کەس لە نەخۆش هەڵگرەکان دەستەبەرێکی خاڵییان بەدەستەوە بوو لەبەرخۆیانەوە گاڵتەیان بەوەزعەکە دەهات.

یەکێکیان کە هەڵامەتی بوو وتی:

– ئەمە چوارەمین کەس!

***

لەو سێ شەممەیەدا:

"ئولی" دەمەو ئێوارە بوو دانیشتبوو لەسەر دەفتەرەکەی بەپیتی گەورە دەینووسی:

**هەموو باوکەکان لە شەڕدا دەبنە یەک سەرباز**

**هەموو باوکەکان لە شەڕدا دەبنە یەک سەرباز**

**ئەم ڕستەیەی دە جار لەسەر یەک دەنووسییەوە و**

**بەپیتی گەورە گەورەش لە پاڵیا نووسی:**

**وشەی "شەڕ" بەپیتی "ش" دەست پێ دەکا و**

**وەک وشەی "جەنگ"یش دەنووسرێ. ***

***

* لە دەقە عەرەبییەکەدا هاتووە دەڵێ:

(لقد كتبت كلمة «حرب» بحرف الشين إن كلمة حرب تكتب بالباء). بۆیە دەقە کوردییەکە "شەڕ" زیاتر نزیکە لەوەی بە"ش"ین بنووسرێ. نەک "حرب"

* لە چیرۆکەکەدا ناوی "سفرین" جاری وایە بە"سفرینشن" هاتووە گوایە ئەم وشەیەی دوایی کورتکراوەی "سفرین"ە بۆ خۆشەویستی بەکار دێ.

نووسەری ئەم چیرۆکە لە چەند دێڕێکدا:

فولنکانک بورشرت

– نووسەرێکی ئەڵمانییە لە شاری هامبورگ لە ساڵی ١٩٢١ لە دایک بووە و لە ١٩٤٧/١١/٢٠ لە بازل کۆچی دوایی کردووە.

– ئەم چیرۆکەی لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی تردا بەناونیشانی "١٩ کورتە چیرۆک" بڵاو بووەتەوە. چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٤٧ لە هامبورگ چاپ کراوە.

– ناودارترین بەرهەمی شانۆگەرییەکە لە ژێر ناوی "پشت دەرگاکە"

***

– ئەم چیرۆکە لە کۆمەڵە چیرۆکی "الطيور الخمسة" و قصص اخرى وەرگیراوە کە لە نووسینی (گونتەر گراس)ە و غانم مەحموود وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.